# مێژوی نەوت و قیر و بەكارهێنانی لای موسڵمانان لەسەردەمی عەباسیدا

# (١٣٢- ٦٥٦ك/٧٤٩-١٢٥٨ز)

**نوزاد خالد ڕؤوف**

بەشی مێژوو، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Nawzadkr@uor.edu.krd

**پوختە:**

هەر لە كۆنەوە مرۆڤ نەوت و قیری ناسیوە و بەتایبەت گەلانی ڕۆژهەلات لە دۆڵی ڕافیدەین و فارس بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام و سەردەمی عەباسی، لەسەردەمی عەباسیشدا موسڵمانان نەوت و قیریان لە كانی و بیرەكان و ڕوبار و دەریاچەكان دەردەهێنا، كە لە درز و كەلەبەرەكانی زەویەوە دەهاتە دەرەوە بۆ سەر زەوی، موسڵمانانیش نەوت و قیریان لە چەندین بواری جیاجیای وەک دروستكردنی كەشتی و بەلەم و چەكی سەربازی سوتێنەر و بواری چارەسەر و پزیشكی و بۆ ڕوناكردنەوە لە شەودا، هەروەها لە بواری سواخدانی دیواری گەرماوەكان بە قیر و قیركردنی ڕێگاكان و.... بەكارهێنراوە و سودیان لێوەرگرتوە، لەبەر گرنگی مادە و كانزای نەوت و قیر لە ژیانی موسڵمانان و لەلایەكی تر كەمی یاخود نەبونی توێژینەوە و لێكۆڵینەوە لە مێژو و بەكارهێنانی نەوت و قیر لەسەردەمی ئاماژەپێكراودا ئەم بابەتەمان بۆ توێژینەوەكەمان هەڵبژاردوە.

توێژینەوەكەمان لە پێشەكی و دەروازە و دو تەوەری سەرەكی پێكدێت، لەگەڵ دیارترین ئەنجامەكان و پوختەی توێژینەوەكە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوە و ژێدەرەكان.

**كلیلە وشەكان:** نەوت، قیر، عەباسی، موسڵمانان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## پێشەكی:

نەوت و قیڕ وەک دو مادە و کانزا و مادەی گرنگ بەر لە سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام و سەردەمی خەلافەتی عەباسی لای گەلانی ڕۆژهەڵات ناسراوبون، ئەو دو مادە و کانزایەش لەسەردەمی عەباسی لەڕوی دەرهێنان و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانەوە گرنگی زیاتریان پێدراوە و بون بە پێداویستییەکی سەرەکی لای دەسەڵاتداران و خەڵکی گشتی، لە ناوچە جیاجیاکانی ژێردەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی و موسڵمانان چەندان کانی و بیری نەوتی و قیڕ هەبون کە نەوت و قیڕیان لێدەرهێنراوە و بۆ بواری جیاجیا سود و کەڵکیان لێوەرگیراوە، بازرگانی و ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەیان لە وڵات و ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە پێوەکراوە.

بابەتی نەوت و قیڕ وەک یەکێک لە بابەتە گرنگ و شارستانییەکانی مێژوی سەردەمی خەلافەتی عەباسی لای توێژەرانی کورد نەبۆتە بابەتی توێژینەوە و توێژینەوەی لەسەر ئەنجام نەدراوە، بۆیە لەو سۆنگەیەوە ئێمە ئەو بابەتەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی سەربەخۆی لەسەر ئەنجام بدەین بە ناونیشانی (مێژوی نەوت و قیڕ و بەکارهێنانی لای موسڵمانان لەسەردەمی عەباسیدا (١٣٢- ٦٥٦ک/٧٤٩-١٢٥٨ز)).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە شێوازێکی زانستیانە و بەپشت بەستن بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژویی زانیارییەکان لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی سەردەمی عەباسی لەسەر بابەتەکە وەربگرین و بیخەینەڕو.

ئەم توێژینەوەیە لەپێشەکی و دەروازە و دو تەوەر و ئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە، لە دەروازەدا باس لە زاراوەکانی نەوت و قیڕ و جۆرەکانیان لەسەردەمی عەباسیدا کراوە بەپشت بەستن و وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی هاوسەردەمی عەباسی.

تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە بیرو کانییە نەوتی قیرییەکان لەسەردەمی عەباسیدا، لەم تەوەرەیەدا باس لەو شوێن و کانی و بیرەنەوتی و قیڕانە کراوە کە لە شار و ناوچە جیاجیاکانی ژێردەسەڵاتی موسڵماناندا بونیان هەبوە.

لە تەوەری دوەم باس لە سود و گرنگی و بوارەکانی بەکارهێنانی نەوت و قیڕ لەو سەردەمە مێژوییە کراوە، تێیدا ئەوە خراوەتەڕو کە لەو سەردەمەدا نەوت قیڕ لە بواری جیاجیای وەک سەربازی و بیناکاری و پزیشکی و ڕوناککردنەوە و چەندین بواری دیکە گرنگی و سودی زۆریان هەبوە بۆ مرۆڤ و بەکارهێنراون.

## دەروازە: زاراوەکانی نەوت و قیڕ و جۆرەکانیان لەسەرچاوەکانی سەردەمی عەباسیدا:

نەوت و قیڕ وەک دو مادە و کانزای زەوی لەڕوی زمانەوانی و زاراوەییەوە بەچەندین شێوە لە سەرچاوەکانی سەردەمی عەبباسی گوزارشتی لێکراوە، سەرەڕای ئەمەش چەندین کەس هەبون کە سەروکاریان لەگەل نەوت و قیڕ بوە و ئەوانیش وشە و زاراوەی تایبەتیان بۆ بەکارهێنراوە، جا ئەو کەسانە لەناو سوپا و یان لەناو خەڵکی گشتی بوبن، ئێمە هەوڵدەدەین بەپێی گونجاوی لەگەڵ توێژینەوەکەمان لەخوارەوە ئەو بابەتە بخەینەڕو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## أ- زاراوەی نەوت و پیشەگەرەكانی:

وشەی نەوت لە پەرتوكە زمانەوانی و سەرچاوەكانی سەردەمی عەباسیدا (١٣٢ــ ٦٥٦ك: ٧٤٩ ــ ١٢٥٧ز) بەشێوەی (نفط) و (النفط) هاتوە، نەوتیش وا پێناسەكراوە كە جۆرێكە لە ڕۆن و وەك شیرێكی داچۆڕاو لە چیا وایە و لەبنی بیردایە و ئاگری پێدەكرێتەوە، ئەگەر ئاگربگرێت كوژانەوە زۆر قورسە (الفراهيدي، ٢٠٠٣،٢٥١/٤؛ السمعاني،١٩٦٢، ١٥٦/١٣؛ المرسي،٢٠٠٠، ١٨٨/٩)، هەروەها وتراوە نەوت پوختەكراوی قیڕی بابلییە (ابن بيطار،٢٠٠١، ٤٨١/٤)، و بەكبریتی كانزایی و ئاوی كبریتی وتراوە نەوت (الطرسوسي، ١٩٤٨، ص ٢١).

جیا لەوەش بۆ هاواتای وشەی نەوت لە سەرچاوەكاندا چەندین ناوی دیكەی بۆ دانراوە بۆ نمونە وتراوە (الكحيل) نەوتە، (بطولاون) كە بە زمانی یۆنانی مانای زەیتی بەرد دەگەیەنێت بەواتای نەوت دێت، هەروەها خزخاز (الخضخاض)یش بۆ وشەی نەوت بەكارهاتوە و وتراوە نەوتە (ابن بيطار، ٢٠٠١، ١٤٠/١؛ الفارابي، ١٩٨٧،٥ /١٨١٠؛ ابن منظور، ١٩٩٣، ٥١٥/١، ١٤٤/٧).

ڕەنگ و شێوە و جۆری نەوتیش جیاوازبوە بەپێی بەكارهێنانی، نەوت هەبوە سپی بوە، نەوت هەبوە ڕەش بوە، نەوت هەبوە شین بوە، و جۆرێك لە نەوتی تایبەت هەبوە كە بە (نفط الطيار) ناسراوە، هەریەك لەم جۆرە نەوتانە و ڕەنگە جیاوازانەی نەوت بۆ مەبەستێكی تایبەت بەكارهێنراون، ئاگری ئەو جۆرە نەوتانەش جیاواز بوە لەیەكتری، بەگشتی ئاگری نەوت بەگوێرەی جیاوازی نەوتەكە ڕەنگی جیاوازبوە (الجاحظ، ١٩٦٦، ٦١/٥؛ ابن سينا، ١٩٩٩، ٥٨١/١، ٣٠٧/٣؛ ابي شامة، ١٩٩٧، ١٢٠/٤؛ القزويني،٢٠٠٠، ص٢٠٤)، لەكاتەدا وتراوە نەوت و لۆكەش زۆر خێرا گڕدەگرن و دەسوتێن، ئاگرێك سوتەمەنیەكەی تەنها نەوتی ڕەش و كبریت بوبێت ڕەنگی ئاگرەكەی سوربوە و ئاگرێكیش سوتەمەنیەكەی ڕۆنی پاڵفتەی پاك و ڕۆنی وەنەوشە بوبێت ڕەنگی سپی بوە (مسكويه، الهوامل ٢٠٠١، ص٢٩٣؛ النيسابوري، ١٩٥٥، ٣٤٥/٢).

لە سەردەمی عەباسیدا كۆمەڵێك وشە و نازناوی تایبەت بە پیشەگەر و كاركەرانی بواری نەوت هەبون، لەو وشە و نازناوانەش (النفاط) و (النفاطين) و (النفاطة) بو، (النفاطة) ناوی ئامێرێكی جەنگی بوە بەمانای نەوتوەشێن دێت، هەروەها وەك نازناوێكی پیشەیی بەو كەسانە وتراوە كە نەوتهاوێژ بون و نەوت و ئاگریان هاویشتوە لە سوپادا، بە هەمان شێوە (النفاطة) وەك نازناوێك بۆ ئەو شوێنەی نەوتی لێدەردەهێنریت و ئەو كەسانەی نەوتیش دەردەهێنن و لەو بوارە كاردەكەن بەكارهێنراوە(الفراهيدي، ٢٠٠٣، ٢٥١/٤؛ الفارابي،٢٠٠٣، ٣٣١/١؛ ابن الاثير،د ت، ٣١٩/٣)، هەروەها جۆرێك لە چرا هەبوە كە نەوتیان پێهاویشتوە پێی وتراوە (النفاطة) (اليميني، ١٩٩٩، ٦٦٩١/١٠)، لەماوەی فەرمانڕەوایەتی عەباسییەكاندا بە دەیەها كەس هەبون لە شار و ناوچە جیاجیاكان كە بە نەوتهاوێژ یاخود نەوت دەرهێن ناسرابون و نازناوی پیشەییان (النفاط) بوە (ابن ماكولا، ١٩٩٠، ٣٥٨/٤؛ السمعاني، ١٩٦٢، ١٥٦/١٣؛ ابن حمدون،١٩٩٦، ٣٥٦/٩-٣٥٧؛ ابي حاتم، ١٩٩٨، ٣٤٠٥/١٠)

جۆرێك لە چرا هەبوە كە هەم بۆ هاویشتنی نەوت و هەم بۆ ڕوناككردنەوە بەكارهاتوە، ئەو چرایە فتیلەیەكی تێهاویشتراوە و ئەو فتیلەیە ئاگردراوە، هەروەها كەرەستەیەكی مسینیش هەبوە كە نەوت و ئاگری پێهاویشتراوە و پێیوتراوە (النفاطات) (الهروي، ٢٠٠١، ٢٤٦/١٣؛ الزمخشري، ١٩٩٨، ٢/ ٢٩٤؛ المرسي، ١٩٩٦،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

١٧٢/٣). واتە ئەو شتەی بە دەست نەوتهاوێژەکانەوە بوە و هاویشتویانە بۆ بۆردومانکردنی لایەنی بەرانبەر و نەوت و گیراوەی سوتینەری تێدابوە پێیوتراوە(النفاطات).

زاراوەیەکی دیکە کە بۆ نەوتهاوێژان بەکارهاتوە (الزراق، الزراقون) بوە، کە لە سەرچاوەکاندا لەپاڵ وشەی نەوتهاوێژان (النفاطین) بەکارهاتوە، ئەوانیش بەهەمان شێوە کاریان دروستکردنی دەرمان و گیراوەی سوتێنەر لە نەوت و چەند مادەیەکی دیکە و هاویشتنی نەوت و ئاگر و (النفاطات) بوە (ابي شـامة، ١٩٩٧، ١٢٢/٤، ١٢٥، ١٦٤، ٢٥٦؛ دوزي،١٩٨٢، ٥/ ٣١٢).

نەوت و قیر لە سەرچاوەکاندا وەک دو کانزای شل کە لە شێوەی کانیدا لە زەویدا هەڵدەقوڵێن و دیارن ناویان هاتوە، ئەو دو کانزایەش بەهێزترین و چڕترین دوکەڵیان هەبوە لەکاتی ئاگر تێبەربون وسوتان (الماوردي، ١٩٩٩، ١٧٧/٥– ١٧٨؛ التركماني، ٢٠٠٠، ص١١١؛البغوي،١٩٨٣،٨/٢٧٧).

لە سەدەمی عەباسیدا نەوت کە خێرا گڕدەگرێت وەک سیفەتێکی خوازراو بۆ ئەو کەسانە بەکارهاتوە کە زو تورەبون، کەسێک زو و خێرا تورەبوبێت پێیان وتوە بو بە نەوت یاخود ئەوە دەڵێی نەوتە (ابن عباد، ١٩٩٤، ١٨٨/٩؛ الفارابي، ١٩٨٧، ١١٦٥/٣).

لە زمانی ئینگلیزیش نەوت وا پێناسـەکراوە کە زەیتێکی کانزاییە لە ژێرزەوی یاخود دەریادایە، و لە بەرانبەر وشـەی نەوت چەند وشـەیەک بەکاردەهێنرێت وەک (Petroleum, Oil, Petrol) (فرح و اخرون، ٢٠٠٣، ص ١٥٩، ٩٢٢؛ Parkinson,2005,p405).

## ب ـ زاراوەی قیر و پیشەگەرەکانی:

لەسـەرچاوە زمانەوانیەکاندا وتراوە قیر مادەیەکە ڕەنگی ڕەشـە و قیر (القير) بە دو شـێوە زاراوە دەردەبڕدرێت ئەویش قیر و قار (القار) ئەوانیش زفتن (الزفت) (اللخمي، ٢٠٠٣، ص١٩١؛ المرسي،٢٠٠٠، ٤٩٩/٦)، خەڵکانی مەغریب بە مۆمیان وتوە قیر، یۆنانیەکانیش بەقیریان وتوە قیروس، و قیر ئەوە قارە، و وتراوە قیر زفتی تەڕە (التركماني، ٢٠٠٠، ص٢٩٣، ٤١٤)، وشـەی قیر و قاریش دو وشـەی بە عەرەبیکراون (العسـكري، ١٩٩٦، ص٤٣٥) واتە لە زمانەکانی دیکەوە هاتونەتە ناو زمانی عەرەبی.

قیر چەند جۆرێکی هەبوە یەکێک لەوانە (الشـمع) و (الموم) بوە و خەڵکی گشـتی ئەو دو ناوەیان بۆ قیر بەکارهێناوە (اللخمي، ٢٠٠٣، ص١٩١)، و بەشـێوەیەکی گشـتی هەندێک جۆری قیر سـەرچاوەکەی لە چیاکانەوە بوە و هەندێکی دیکەی لە کانیەکانەوە لەگەڵ ئاو هەڵقوڵاوە و بە شـێوەی شـلی هاتۆتەدەرێ (القزويني،٢٠٠٠، ص٢٠٤)، سـەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن قیر سـێ جۆرە، وەک (کفر، زفت، قیر) هەریەکە لەو جۆرانەش بۆ بوارێکی تایبەت سودی لێوەرگیراوە و بەکارهێنراوە (الهروي، ٢٠٠١،١٠/ ١١٥؛ ابن منظور، ١٩٩٣، ١٤٨/٥).

جۆریکی دیکە لە قیر هەبوە و پێیان وتوە مۆمیای یاخود مۆمیا، ئەو مۆمیایە کەجۆرێک بوە لە جۆرەکانی قیر ڕەق بوە، مۆمیا لە کەنارە ئاوییەکان هەبوە و بەسـتاویەتی بوە بە قیر، بە مۆمیای کانزایی ناسـراوە (البيروني، د ت، ص٢٠٤–٢٠٥: التركماني، ٢٠٠٠، ص٣٦٩)، هەروەها جۆرێکی دیکە لە قیر بە قفری یەهودا (القفر


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

اليهودا) ناسـراوه، ئەو جۆرە قیرە زیاتر لە دەریاچەی یەهودا/دەریاچەی مردو لە فەلەستین هەبوە و جۆری شل و ڕەقی هەبوە (ابن بيطار،٢٠٠١، ٢٧٤/٤-٢٧٥؛ دوزي،١٩٩٧، ٨/ ٣٣٩).

ئەو کەسانەی قیریان دەرهێناوە یاخود فرۆشتویانە و لەو بوارەدا کاریان کردوە و پیشەیان بوە پێیانوتراوە (القيار)، وتراوە قیر و قارم لە قیار کڕی، لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی عەباسیەکاندا چەندەها کەس هەبون کە نازناوی (القيار)یان هەبوە و لەو بوارەدا کاریان کردوە (ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ٤١٩،٤٨٧/٤، ١٩٥/٥؛ ابن الاثير،د ت، ٦٨/٣؛ الزمخشري، ١٩٩٨، ١١٤/٢؛ وكيع، ١٩٤٧، ١/ ٨٥، ١٠٤).

قیر بەهۆی ئەوەی ڕەنگی زۆر ڕەش بوە وەک توانج و بە نزم سەیرکردن یاخود وەسفکردنی ڕەنگی مرۆڤ و کار بەکارهێنراوە، بۆنمونە وتراوە ئوسامە ئەوەندە ڕەشە لە قیر ڕەشترە، زەید لە لۆکە سپیترە، یان وتراوە ئەوە نابێت تاوەکو پەڕەی قەلەڕەش و قیر سپی نەبن، هەندێ کەسیش بە ئەبوزفت ناسراون بەهۆی ئەسمەرییەکەیان (الدينوري، ١٩٧٨،ص١٦٨؛ ابو داود، دت، ٢٨٠/٢؛ القرطبي، ٢٠٠٠، ٥٩٣/٨).

لە زمانی ئینگلیزیش لە بەرانبەر وشەی قیر چەند وشەیەک بەکاردەهێنرێت وەک ( Bitumen,Tar , Asphalt) (فرح و آخرون، ٢٠٠٣، ص ٧١٩).

## تەوەری یەکەم: بیر و کانییە نەوتی و قیرییەکان لەسەردەمی عەباسیدا:

لەم تەوەرەیەدا باس لە بیرو کانییە نەوتی و قیرییەکانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی موسڵمانان دەکەین لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی عەباسییەکاندا، بێجگە لەو کانی و بیرە نەوتی و قیریانەی کە ئێمە باسمان کردون چەندین کانی و بیرە نەوتی دیکە هەبون کە لە ناوچەکانی دەرەوەی ژێردەسەڵاتی موسڵماناندا بون و لە ناوچەی جیاجیا لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمە بێزەنتییەکان و دەسەڵاتدارانی دیکەی ناموسڵماندا بون، ژمارەیەک لەو بیر و کانییە نەوتیانە ئیمپراتۆری بێزەنتی (قوستەنتین بورفيروجنيتوس) (٩١٤- ٩٥٩ز/ ٣٢١- ٣٤٨ک) لە پەرتوکەکەی خۆیدا ئاماژەی پێکردون (porphyrogenitus,1967,p285-287). کە ئەمە لەدەرەوەی چوارچێوەی توێژینەوەکەی ئێمەدایە.

### أ- بیر و کانی و سەرچاوە نەوتییەکان

### ١- بونی کانی نەوت لە خانەقین

خانەقین شارۆچکەیەک بوە لەسەر ڕێگەی هەمەدان بەغداد، یەکەم شوێنە کە دارخورمای لێیە و سنوری عەرەبە بەرەوە ڕۆژئاوا یەکەم سنوریشیەتی بەرەو عەجەم و ڕۆژهەڵات و وڵاتی چیاکان (ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ٣٤٠/٢؛ السمعاني، ١٩٦٢، ٢٩/٥).

سەبارەت بەبونی نەوت لە شاری خانەقین، گەڕیدەی عەرەب (ابى دلف مسعر بن مهلهل) لە ساڵی (٣٤١ک/ ٩٥٢ز) سەردانی شارەزور و خانەقینی کردوە، ئەو ئاماژە بەوە دەدات لە شاری خانەقین کانیەکی گەورەی نەوتی لێیە، ئەو کانییە داهاتێکی زۆری هەیە (ابى دلف، ١٩٦٠، ص٢٠)، بێجگە لەو زانیاریە لەسەر بونی کانی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

نەوت لە شــاری خانەقین هیچ زانیاریەکی دیکە لە ســەرچاوەکانی ســەردەمی عەباســی کە لە بەردەســتماندان ئاماژەی پێنەکراوە.

## ٢ـ کانییە نەوتییەکانی شاری باکۆ:

شــاری باکۆ کەوتۆتە ســەردەریای خەزەر/ قەزوین[1] و ئەو شــارە ســەر بە وڵاتی شــێروان و باب الابواب بوە لە ئازەربیجان، لە ســــەرچاوەکاندا بە چەند جۆرێک ناوی شـــارەکە هاتوە وەک (باکویە، باکە، باغە، باکوە) لەو شـــــارەدا کانی نەوت بونی هەبوە، نەوتی ئەو شـــــارە بەوە ناوبانگی دەرکردوە کە نەوتەکەی ســـــپییە (المسعودي، د ت، ص ٥٣؛ الاصطخري، ١٨٧٠، ص١٩٠؛ البكري، ١٩٩٢، ٢٠٧/١).

گەڕیدەی عەرەب (ابی دلف مســعر بن مهلهل) لە ســالّی (٣٤١ک/ ٩٥٢ز) ســەردانی شــاری باکۆ/ باکویەی کردوە و بەم شێوەیە باس لە کانیە نەوتییەکانی ئەو شارە دەکات و دەڵێت: ((پاشان گەیشتین بە ناوچەیەک کە پێی دەوترا باکویە کە ســەر بە شــروان بو، چوینە لای کانیەکی نەوت کە لەوێ بو، ڕۆژانە بایی نزیکەی هەزار درهەم نەوتی لێدەردەهێنرێت، و لە پەنای ئەوەوە کانییەکی دیکەی نەوتی لێیە، کە نەوتی لەبەر دەڕوا نەوتەکەی ئەوەندە ســپییە دەڵێی ڕۆنی گوڵە زەنبەقە، نەوتەکەی ناوەســتێ بەشــەو و ڕۆژ و وەک ئەوەی پێشــوە)) (ابی دلف، ١٩٦٠،ص ١٢). شاری باکۆ ئێستا پایتەختی کۆماری ئازەربایجانە.

## ٣ـ بونی کانی نەوت لە وڵاتی فارس:

وڵاتی فارس وڵاتێکی فراوان بوە و لە ڕۆژهەڵاتەوە تا سنوری کرمان درێژبۆتەوە، لە ڕۆژئاوایەوە تاوەکو ســنوری خوزســتان و ئەســفەهان، لە باکورەوە تاوەکو بیابانی نیوان فارس و خوراســان، لە باشــوریشــەوە دەریای فارس، چەندین شـــار و ناوچە و گوند ســـــەر بەم وڵاتەبون وەک اصـــطخر، أرجان، شـــیراز، جور، دارابجرد، سابور (الاصطخري، ١٨٧٠، ص ٩٦-٩٧).

ســــەرچاوەکان تەنها ئاماژە بەوە دەکەن لە زەوییەکانی وڵاتی فارس هەمو جۆرە کانزایەک بونی هەبوە وەک زێڕ و زیو و ئانک و ئاسن و کبریت و... هەروەها نەوت یەکێک بوە لەو کانزایانەی لە وڵاتی فارس بونی هەبوە (ابن حوقل، ١٩٣٨، ٣٠٠/٢؛ البكري، ١٩٩٢، ٤٤٠/١).

## ٤ـ بونی کانی نەوتی لە میسر و دەریای قلزم/ دەریای سور:

لە وڵاتی میسریش کۆمەڵێک کانزا بونیان هەبوە، نەوت یەکێک بوە لەو کانزایانەی کە لە ناوچەی ئەسوان لە صەعیدی سەرو لە وڵاتی میسر بونی هەبوە (المقريزي،١٩٩٨،١ / ٩٣؛ ابن تغري بردي، ١٩٩٢، ٥٥/١).

هەروەها لەسەر دەریای قلزم(دەریای سور)[2]یش نەوت هەبوە، (القلقشندي) ئاماژە بەوە دەکات کە نەوت لە چیایەکی کەناری دەریای قلزم(دەریای ســور) هەیە، زەیتی نەوتەکە کەم کەم بە چیاکەدا دێتە خوارەوە، لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

خوارەوە دەفر و تەشـــتیان بۆ داناوە بۆ ئەوەی بچێتە ناوی، عەرەبەکانیش دێن نەوتەکە دەبەن بۆ گەنجینەی چەکی سوڵتان(القلقشندي، ٢٠١٢، ٣/٣١٣).

## ٥ـ بیرە نەوتییەکانی دورگەی صقلیە:

دورگەی صقلیە دورگەیەک بو لە ژێر دەسەڵاتی موسڵماناندا بو، ئەم دورگەیە شێوەیەکی سێگۆشەیی هەبو، دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئەندەلوس، لەڕۆژئاوایەوە وڵاتی ئەفریقا بو، و بە دەریا دەورە دراوە، چەندین شار و قەڵا و گوند لەخۆدەگرێت دیارترینیان شاری (بلرم)ە، ئەم دورگەیە هاوسنوری وڵاتی ڕۆمە و ناوچەیەکی سنوری موسڵمانانە (ابن حوقل، ١٩٣٨، ١/ ١١٨-١١٩، ١٢٦).

لە دورگەی صـــقلیە بیری نەوت هەبوە، ســـەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لەو دورگەیە لەلای بەندەری سرقوسە سێ بیری نەوت هەیە کە زەیتی نەوتی لێدەردەهێنرێت، ئەو نەوتە تەنها لەکاتێکی دیریکراوی ساڵدا لەو بیرە دەرهێنراون کە ئەو کـاتەش مـانگی شـــوبـات و دو مـانگی دواتری ئەو مـانگە بوە، شـــێوازی دەرهێنانەکەشـی بەجۆرێک بوە کە دیارە ناو بیرەکە جێگەی یەک کەسـی لێبۆتەوە بۆیە کاتێک کەسـێک چۆتە ناوبیرەکە کەســەکەی دیکە هاتۆتە ســەرەوە، ئەو پیاوەشـــی کە چۆتە ناو بیرەکە ســەر و دەم و لوتی خۆی داپۆشـیوە، چونکە ئەگەر وانەبایە و هەناسـەی بدایە لە بنی بیرەکە ئەوە لە سـەعاتێکدا لەناودەچو، ئەو زەیتی نەوتەی کە دەریانهێناوە لە تەشت و دەفریان کردوە و نەوتەکەی سەرئاو کەوتوە و دواتر لە شوشەیان کردوە (البكري،١٩٩٢، ١/ ٤٨٤؛ القزويني، د ت، ص٢١٦).

## ب ـ کانی و سەرچاوە قیرییەکان

## ١ـ کانییە قیرەکانی نیوان بەسرە و کوفە

گەڕیدەو وڵاتناسانی موسڵمان کاتێک هاتونەتە شاری بەغدادی پایتەختی خەلافەتی عەبباسی و گەرماوەکانی ئەو شارەیان بینیوە، کە بە قیر سواخدراون و ڕوپۆش و داڕێژراون، باس لەوە دەکەن قیر لای ئەوان واتە خەڵکی شاری بەغداد زۆرە و سەرچاوە و کانی قیرەکە لە نێوان بەسرە و کوفەیە، قیرەکە وەک قوڕە سورە بەو ناوەدا بڵاوبۆتەوەو وشکی دەکەنەوە و دەیهێنن، خوای گەورە ئاوی ئەو کانیەی وا لێکردوە قیری لێدروست بێت و بێتە دەرەوە (ابن جبير،د ت، ص١٨٣؛ ابن بطوطة،١٩٩٧، ٢/٦١؛ الشريشي، ٢٠٠٦، ١/٣٨٠).

شــوێن و جۆریەتی و چۆنیەتی کانییە قیرییەکانی نێوان بەســرە و کوفە لەو ســەرچاوانەدا دیارینەکراوە، بەڵام کاتێک (ابن جبير) لە باســـکردنی کانیە قیرەکانی قیارە/گیارە دەبێتەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کانییە قیرییەکانی نێوان بەسرە و کوفە هەمان سیفەتی کانییە قیرەکانی قیارە/گیارەیان هەیە(ابن جبير،د ت، ص١٨٧).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ٢ـ کانییه قیرەکانی قیاره/گیاره

کانییه قیرەکانی قیاره له نزیک شـاری موسـڵ بون و کەوتوبونه سـەر ڕوباری دیجله، هەندێ لەو کانیانه ئاوێکی گەرمیان هەبو، هەندێک کانی دیکەی بەســـەریەکەوه بون و قیریان لێدەهاته دەرەوه (ابن مســـتوفي، ١٩٨٠، ١٣٦/١؛ یاقوت الحموي، ١٩٩٨، ١٦٦/٢).

چەند گەڕیده و وڵاتناسـێکی سـەردەمی عەباسـی سـەردانی ئەو کانیه قیرانەی قیارەیان کردوه و باس له چۆنیەتی کانی و قیر و چۆنیەتی دەرهێنان و دروسـتکردنی قیر دەکەن لەوێ، لەم بارەیەوه (الشـابشـتي)(مردو له ٣٨٨ک/ ٩٩٨ز) ئـامـاژه بەوه کـات که له خوار دێری قیـارەوه کـانییەکی قیر هەیه ئـاوێکی گەرمی هەیه و دەڕژێته ڕوباری دیجلەوه و قیری لێهەڵدەقوڵێ و لێی دێته دەرەوه، تاوەکو قیرەکه له ئاوەکەدا بێت شـــله و لەگەڵی دەڕوات، بەڵام ئەگەر له ئاوەکه جیابۆوه و ســـاردبۆوه وشـــک دەبێتەوه، کۆمەڵه خەڵکانێک لەوێ کۆدەبنەوه و ئەو قیره کۆدەکەنەوه، له ئـاوەکەی دەردەهێنن و هەڵی دەدەنه ســـەر زەوی، دواتر کۆمەڵێک مەنجەڵی گەورەی ئاســـنینیان لایه لمی بۆ دادەبێژن و بەڕێژەیەکی دیاریکراو تێیدەکەن و پاشـــان قیرەکەی تێدەکەن و ئاگر لەبن مەنجەڵەکان دەکەنەوه تا قیرەکه دەتوێتەوه و لەگەڵ لمەکه تێکەڵ دەبێت، بەبەردەوامی تێکیدەدەن، کاتێک تەواو دەبن و ئامادەدەبێت و قیرەکه هەڵدەدەنه ســـەر زەوی و دەیبەســـتی و ڕەق دەبێت، پاشان بۆ شارەکانی دەنێرن (الشابشتي، ١٩٨٦، ص٣٠٢).

هەروەها گەڕیده و وڵاتناس(ابن جبیر)(مردوله ٦١٤ک/١٢١٨ز) له ڕێگای چونه شـاری موسـڵ بەلای کانییه قیرەکانی قیارەدا تێپەڕیوه و ئاماژه بەوه دەکات بەشـوێنێکدا ڕۆشـتین به قیاره ناسـراوه له ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجله، و دەکەوته لای ڕاسـتی ڕێگای موسـڵ، ئەوێ زەوییەکی قوڵ و نزمی ڕەشــه وەک تەم و هەور، خوای گەوره لەو زەویه ئەو کـانیه گەوره و بچوکـانەی هەڵقوڵانـدوه که قیریـان لێـدێته دەرەوه و قیر هەڵـدەدەنه دەوروبەری کانییەکان، چەند حەوزێکی بۆ دروســـت دەکەن و لەوێدا قیرەکه کۆدەکەنەوه، لەو حەوزانەدا ئەو قیره وەک قوڕ بەســـەر ئەو زەویه ڕەشـــەدا بڵاودەبێتەوه، تەڕ و بریقەدار و بۆنداره، هەر دەســـتی لێبدرێت یەکســـەر به چەنجەکانتەوه دەنوسـێت، له دەوروبەری ئەو کانیه گۆماو و کانیەکی گەورەی ڕەشـی لێیه، وەک قەوزەیەکی ڕەشی شل قیری لێدێته دەرەوه و هەڵی دەداته دەوروبەری کانیەکه و دەبێته قیر، هەروەها لەسەر ڕوبـاری دیجله کـانیەکی دیکەی گەورەی لێیه و بینیمـان دوکەڵی لێبەرزدەبێتەوه، پێیان وتین ئەگەر بمانەوێت بیگوازینەوه ئـاگری تێبەردەدەین و ئـاگرەکه تەڕی و ئـاوەکەی هەڵـدەمژێ و پـارچەپـارچه دەکرێـت و دەگوازرێتەوه (ابن جبیر،د ت، ص١٨٧).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ٣ـ بونی کانزای قیر لە چیای البشر:

چیای البشـــر چیایەکی گەورە و بەرینە دەکەوێتە شـــاری حەلەب لەلای دەشـــتەکەیەوە، بەناو کەسـێکەوە ناونراوە کەناوی البشر بوە، ناوی ئەو لەو چیایە نراوە(ابن العدیم، د ت، ١/٤٢٠، ٤٣١).

لە چیای البشــــر کانزای قیر هەبوە لە پاڵ بونی چەندین کانزای دیکە لەو چیایەدا، ئەو قیرە لە هاویندا بەدۆڵی چیاکەدا شـــۆڕدەبێتەوە، کە دۆڵێکی قیری گەورەیە (یاقوت الحموي، ١٩٩٥، ١/٤٢٦؛ الغزي، ١٩٢٧، ١/ ٦٠٢-٦٠٣).

## ٤ـ کانی قیری صفة قالی:

کانی صـــــفة قالی ناوی کانیەکی قیرە لە دەریادا تەنها (ابن المجاور)(مردوله ٦٩٠ك/١٢٩١ز) باســــی دەکات لە پەرتوکەکەی خۆی کە وەسفی یەمەن و مەککە و حجاز دەکات بۆیە ڕەنگە ئەو کانیە قیرەش لە دەریا و ناوچە ئاوییەکانی یەمەن و حجازدابێت[٣]، (ابن المجاور) ئاماژە بەوە دەکات صــــفة قالی ئەوە کانیەکی قیرە لە ناوەڕاســـتی دەریادا، ئەگەر ڕێژەی قیرە دەردراوەکەی زۆر بو ئەوە شـــەپۆلی دەریا پارچەپارچە دەیهێنێت بۆ کەنارەکە، ئەو ناوچەیەی ئەو کانیە قیرەی لێیە هیچ ئاوەدانی و شـــوێنی نیشـــتەجێبونی لێنیە، قیرێکی چاک و باشی لێدیتەدەر (ابن المجاور، ١٩٩٦، ص٣٣٠).

## ٥ـ بونی قفری یەهود لە دەریاچەی بۆنناخۆش/ دەریای مردو لە فەڵەستین

دەریـاچەی بۆنـاخۆش (البحیرة المنتنـة) بەدەریـاچەی مردو (البحیرة المیتـة)ش نـاســــراوە، چونکە هیچ زیندەوەرێکی تێدا ناژی و ئاوەکەی زۆر سـوێرە و خوێاویە، ئەم دەریاچەیە کەوتۆتە وڵاتی شـام (ابن حوقل، ١٩٣٨،١ /١٨٤؛ المقدسي، ١٩٩١،ص١٨٤)، ئێستا بەم دەریاچەیە دەڵێن دەریای مردو.

ئەم دەریاچەیە پێشی دەڵێن دەریاچەی یەهودا (بحیرة یهودا)، بۆیە ئەو قیرەی لەو دەریاچەیە دەردەهێنرێ ناسـراوە بە قفری یەهودا، ئەم دەریاچەیە لە سنوری فەلەستین و لە نزیک شـاری قودس لە نێوان غوری زغر و غوری ئەریحایە ئەم جۆرە قیرە هەبوە، کە بە دو شـــێوە قیریان لێدەرهێناوە، یەکەمیان ئەوە بوە کە لە کەناری دەریاچەکە زەویەکەیان هەڵکۆڵیوە و قیرەکەیان دەرهێناوە کە تێکەڵ بوە لەگەڵ پارچە خوێ و چەو و گڵ، دواتر بە ئاگر و ئاوی گەرم خۆڵ و چەوەکەیان لێجیاکردۆتەوە و پاڵاوتویانە، ئەم جۆرە لە قیربۆنی وەک قیری عێراقی وایە، ئەم جۆرەی قیر باشترین جۆری قفری یەهودا/ قیری یەهودا بوە، جۆری دوەمیان ئەوە بوە کە لە وەرزی زســـتاندا کاتێک شـــەپۆلەکانی دەریا بەهۆی بای بەهێز و خێرا ئەو قیرەی ناو دەریاچەکە کە بەشـێوەی ڕەقی بە بەردەکانەوە نوسـاون هەڵقەندراوە و سـەرئاوکەوتون و بەهۆی شـەپۆلەکانیشـەوە قیرەکە هاتۆتە کەناری دەریاچەکە (ابن بیطار، ٢٠٠١، ٤/ ٢٧٤، ٢٧٥؛ ابن خرداذبة،١٨٨٩، ص٧٩).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

### ٦ـ بونی مۆمیای چیایی لە یەمەن:

مۆمیا لە کەنارە ئاوییەکان هەیە و بەســـتاویەتی بوە بەقیر، بۆنی قیری تێکەڵ بەئاو بۆنی ناخۆشـــی لێدێت، و وتراوە لەســەر بەردێکی ڕەش لە شــاری (صــنعاء)ی یەمەن هەیە، کە زۆر وشــکە پارچەپارچەیە و دەشــکێت، کێشــی کەمە، کە پارچەپارچە دەکرێت شـلەیەکی ڕەشــی تێدایە، ئەگەر ســاڵەکەی باراناوی بێت ئەوە زیارتریان لەو مۆمیایە دەست دەکەوێت و لایان دەبێت (التركماني ٢٠٠٠،ص ٣٦٩).

### ج ـ کانییە هاوبەشەکانی نەوت و قیر

### ١ـ بونی کانی نەوت و قیر لە چیای حەمرین/بارما

چیای حەمرین بەچیای بارماش ناسـراوە، هەروەها ئەو چیایە بەچیای کوردان ناسـراوە، دەکەوێتە نێوان شـــاری موســـڵ و تکریت، ئەو کات وا بانگەشـــەکراوە ئەو زنجیرە چیایە درێژدەبێتەوە بە چواردەوری هەمو دنیادا، ڕوباری دیجلە بەناو ئەو چیایەدا تێدەپەڕێت و دەیکات بە دو بەشــــەوە، ئەو چیایە درێژ دەبێتەوە بۆ سـنوری شـارەزور و چەندین شـار و ناوچەی دیکە (الهمداني، ١٩٩٠، ص٢٤٧؛ ابن حوقل، ١٩٣٨، ١٦٩/١، ٢٢٥؛ الادريسي،٢٠٠٢، ٣٥٣/١؛ ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ١٦٩/٣).

لە چیای حەمرین/بارما کانی نەوت و قیر هەبوە، (الاصـــــطخري) و (ياقوت الحموي) ئاماژە بەوە دەکەن کانی و سەرچاوەی نەوت و قیر لەچیای حەمرین/بارما هەیە و نەوتی لێهەڵدەقوڵێ (الاصطخري، ١٨٧٠، ص٧٥؛ ياقوت الحموي،١٩٩٥، ١ /٣٢٠).

### ٢ـ کانییە نەوتی و قیرییەکانی شاری هیت:

شاری هیت دەکەوێتە وڵاتی عێراق و لەسەر ڕوباری فوراتە و سەر بە شاری بەغدایە، دەکەوێتە سەروی شاری ئەنبار(القزويني، د ت، ص٢٨١؛ ابوالفداء، ١٨٦٠، ص٢٩٩).

ســــەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە شـــــاری هیت کانی نەوت و قیر هەبوە (المهلبي، ٢٠٠٦، ص١١٩؛ السيرافي، ١٩٩٩، ص١١١ ؛ البكري،١٩٩٢، ٢١٤/١).

لەگەڵ ئەوەی ســـەرچاوەکانی ســـەردەمی عەبباســـی تەنها ئاماژەیان بەوە کردوە کە کانی قیر و نەوت لە شـاری هیت هەیە و زانیاری زیاتریان لەسـەر ژمارە و چۆنیەتی دەرهێنانیان نەخستۆتەڕو، بەڵام نەوت و قیر و کانییە نەوتی و قیرییەکان لە شاری هیت تاوەکو سەردەمی نوێش هەبون، سەرچاوەیەک لە ساڵی (١٩١١ز) ئاماژە بەوە دەکات ئەو کانیانە ئێستا لە شاری هیت بەردەوام نەوت و قیریان لێهەڵدەقوڵێت و خەڵکیش ڕۆژانە دەیان باری ئاژەڵ نەوتی ڕەش و قیر لەو کانیانە دەردەهێنن و دەیفرۆشـــن، یەکێک لەو کانیانەی نەوت ناوی (النفاطة)یە و ژمارەی کانییە قیریەکانیش لە شــاری هیت (١٠) دە کانین و ســێ کانیان گەورەن و ئەوانی دیکە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بچوک، هەریەکەشـــیان ناوێکیان هەیە وەک (کانیە قیری (لطیف، الدروبي، ذهبي، لائق، معمورة، الملح، المرج، العطاعط، الجربي، جربي) (حلمي، ١٩١١، مجلد ٥، ٣٥٠/٥- ٣٥٤).

## ٣ـ بونی کانی نەوت و قیرِ لە خوزستان

خوزستان وڵاتێکە لە ڕۆژهەڵاتیەوە سنوری فارس و ئەسفەهانە، لە باشوریەوە دەریا و هەندێ سنوری عێراقە، لە ڕۆژئاوایەوە سنوری عێراق و ڕەشە خاکی بەغداد و واستە، لە باکوریشیەوە شارەکانی وڵاتی فارسە، لە چەندەها شار و قەڵا و گوند پێکهاتوە وەک (الاهواز، ایزج، السوس، دزمهدی، جبی، سوق الاربعاء، ڕامهر،...)(مؤلف مجهول،١٩٩٩، ص ١٠٤-١٠٦).

(المقدیسي) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە خوزستان کانزای نەوت و قیرِ هەیە، بەبێ ئەوە ئاماژە بەو شار و ناوچەیە لەو وڵاتە بکات کە قیرِ و نەوتەکەی تێدایە(المقدیسي، ١٩٩١، ص٤٠٢)، بەڵام چەند سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە ناوچە و گوندی (آسک) کە گوندێکی گەورەیەو هاوسنوری زەوییەکانی فارسە لە خوزستان و دەکەوێتە لاپاڵی چیایەک، لەو گوندە و چیایەکەی ئاگرێک بەرزدەبێتەوە و داگیرساوە کە هەرگیز ناکوژێتەوە بەشەو ئاگر دیارە و بەڕۆژیش دوکەڵ، ئەوان پێیان وایە ئەوە کانیەکی نەوت و قیرە/زفت، کە هەر لە کۆنەوە ئاگری تێبەربوە و داگیرساوە و هەرشتیکی لێدەرچێت دەیسوتێنێت (الاصطخري، ١٨٧٠، ص٩٢؛ ابن حوقل، ١٩٣٨، ٢٥٥/٢-٢٥٦؛ مؤلف مجهول، ١٩٩٩،ص ١٠٥). بێجگە لەو زانیاریانەی خستمانەڕو سەبارەت بەبونی نەوت و قیرِ لە خوزستان هیچ زانیاریەکی دیکە لە سەرچاوەکانی بەردەستمان ئاماژەی پێنەکراوە.

## ٤ـ بونی نەوت و قیرِ لە وڵاتی شاش و ئەودیوی ڕوبار(ما وراء النهر)

وڵاتی ئەودیوی ڕوبار وڵاتێکە لەڕۆژهەڵاتیەوە سنوری تبتە، لە باشوریەوە خوراسان و ئەو ناوچانەی سەر بەون، لە ڕۆژئاوایەوە سنوری خاخ و غوزەکان و تبتە، لە باکوریەوە سنوری خلخە، بە تورکستانیش ناودەبرێت، لە دەیان شار و ناوچەی فراوان پێکدێت وەک (بوخارا، صغد، سمرقند، شاش، فەرغانە، ترمذ، اسبیجاب...) ئەو شارو ناوچانەی کەوتونەتە پشتی وڵاتی ئەودیوی ڕوبار بە وڵاتی بێباوەڕان ناسراوە (مؤلف مجهول، ١٩٩٩، ص ٨٣-٩١؛ الیعقوبي، ١٨٦٠، ص ٧٥-٧٦).

لە وڵاتی ئەودیوی ڕوبار کانزای نەوت و قیرِ هەبوە، چیایەک لە شاری فەرغانە هەبوە کە لەو چیایە چەندین جۆر کانزا بونی هەبوە لەناو ئەو کانزایانەش کە لە چیای فەرغانە هەبوە کانزای نەوت و قیرِ بوە(البیروني، د ت، ص١٩٩-٢٠٠؛ المقدیسي،١٩٩١، ص٣٢٦).

بێجگە لە فەرغانە لە ناوچەی ئەسبەرە(اسبرة) لە وڵاتی شاش لە ئەودیوی ڕوبار کانزای نەوت و قیرِ هەبوە نەوت و قیری لێدەرهێنراوە(یاقوت الحموي،١٩٩٥، ١٧٢/١؛ صفي الدین،١٩٥٤، ٦٨/١).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## تەوەری دووەم: سود و گرنگی و بەکارهێنانی نەوت و قیر لە بوارە جیاوازەکان لەسەردەمی عەباسیدا

### أـ سود و گرنگی و بوارەکانی بەکارهێنانی نەوت

### ١ـ بەکارهێنانی نەوت لەبواری چەک و کەرەستەی جەنگی و سەربازی

بەکارهێنانی نەوت وەک یەکێک لە پێکهاتە سـوتێنەر و گڕگرتوەکان لە بواری دروسـتکردنی چەکی سـەربازی مێژویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سـالآنی بەر لەزاین، سـەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەسکەندەری مەکدۆنی(٣٣٦- ٣٢٣ پ ز) لە هێرشەکانی بۆسەر ولآتی هیند لە ساڵی(٣٢٧ پ ز)، پاشایەکی هند فیلی بەکارهێناوە لە جەنگەکەدا دژ بە سەربازانی ئەسکەندەر، ئەسکەندەریش بۆ ترساندنی سەرباز و فیلەکانی هندییەکان کە لەشـەڕدا بەکاریان دەهێنا، ئەویش پەیکەری فیلێکی ناوبۆشـی لە مسـی وشـک دروسـتکردوە و ناوەکەی پڕکردوە لە نەوت و کبریت، سـەربازانی ئەسـکەندەر فیلەکەیان لەسـەر عارەبانەیەک داناوە و بە ئەسـپەکان بۆ مەیدانی جەنگ ڕایانکێشـاوە، کاتێک فیلی هیندییەکان لە پەیکەری فیلە مسـینەکە نزیکبونەتەوە سەربازانی ئەسکەندەر فیلە مسینەکەیان ئاگرداوە، فیلی هندییەکان بەحاجەکانیان لێیان داوە و وەریان گێڕاوە، ئەمە بۆتە هۆی سـوتاندنی فیلەکانی هندییەکان و ترسـان و ڕاکردنەوەیان بۆلای سـوپای هندی و کوشـتنی سـەربازانی هندی و دواجار ئەم چەکە ئاگرینە بەهۆی نەوتەوە بۆتە یەکێک لە هۆکارە سـەرەکییەکانی سـەرکەوتنی ئەسـکەندەری مەقدۆنی بەسـەر سـوپای هندی (مسـکویە، ٢٠٠١، ١/ ٩٧-٩٨؛ ابن الاثیر، ١٩٩٧، ١/٢٥٥-٢٥٦؛ الناصري، ١٩٧٦، ص٥٤٦).

دوای هاتنی ئاینی ئیسلام و لەسەردەمی خەلافەتی ئومەوی (٤١-١٣٢ک/ ٦٦١-٧٥٠ز) لە ساڵی (٦٣ک/٦٨٢ز) کاتێک سوپای یەزیدی کوڕی معاویە (٦٠- ٦٤ک/ ٦٨٠-٦٨٣ز) هێرشیان کردە سەر شاری مەککە و بە مەنجەنیق بەردی بەنەوت و ئاگر و پارچە کەتانی تایبەت بە سوتان بۆردومانی شارەکەیان کرد، لە ئەنجامی ئەوە پۆشاکی کەعبە و بینای کەعبە ئاگری گرت و سوتا و داڕوخا (المسعودي، ٢٠٠٥، ١/٦٥؛ ابن الاثیر، ١٩٩٧،٣/٢٢١)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ سەرچاوەی دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئاگرگرتن و سوتانی کەعبە بەهۆی ئەوەوە بوە کە لایەنگرانی عەبدوڵای کوڕی زوبێر(٦٤-٧٣ک/٦٨٣-٦٩٢ز) کە لە نزیک کەعبە جێگیربوبون پیاوێکیان ئاگری لە ڕێگەی سەرەڕمە بە نەوتکراوەکەیەوە گواستۆتەوە، لەو کاتەش بایەکی توندی هاتوە و پریشکە ئاگر بەر کەعبە کەوتوە و ئاگری گرتوە و سوتاوە، لایەنگرانی عەبدوڵای کوڕی زوبیریش سوپای یەزیدیان بەوە تۆمەتبارکردوە کە بەنەوت و ئاگر بۆردومانی بینای کەعبەیان کردوە و سوتاندویانە (الازرقي،٢٠٠٣، ١/ ٢٩١؛ ابن الاثیر، ١٩٩٧،٣/٢٢١)، ئەم گێڕانەوانە هەرکامێکیان دروست بێت بەڵگەن لەسەر ئەوەی لەو کاتەدا نەوت وەک چەکێکی سەربازی دژ بە نەیارانی یەکتری لە جەنگەکاندا لەلایەن موسڵمانانەوە لەسەردەمێکی زوەوە بەر لە سەردەمی عەباسی بەکارهاتوە.

لەسەردەمی عەباسیدا بواری بەکارهێنانی نەوت لە بواری سەربازیدا فراوانتر و بەرەو پێشچونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بە وردبونەوە لە ڕوداو و پێشهاتە سەربازییەکان لەسەردەمی عەباسی بۆمان ڕوندەبێتەوە،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

کە لە سوپای عەباسی و موسڵمانان یەکەیەکی تایبەت هەبوە کە پێیوتراوە یەکەی نەوتهاوێژەکان (النفاطون و الزراقون)، ئەو یەکە سەربازیە لە سوپادا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوە، ئەو ڕۆڵەش ئامادەکردنی چەکی سوتێنەر لە نەوت و چەند مادەیەکی دیکە کە لە شوشەیان کردوە و پێیوتراوە شوشەی نەوت (قارورة النفط) و بەدەست هاویشتویانە بۆ دوژمنان و نەیارانیان، یاخود کەتانی ورد و تاڵتاڵکراویان لە بەرد پێچاوە و نەوتیان پێدا کردوە و ئاگریان داوە و بە مەنجەنیق هاویشتویانە و بۆردومانی قەڵاکانیان پێکردوە، لەم ڕوەوە چەندین ڕوداوی شەڕو ململانێ لە سەرچاوەکانی سەردەمی عەباسی ئاماژەی پێکراوە کە لەسەردەمی جیاجیادا لە عێراق و وڵاتی شام و میسرو وڵاتی فارس و هیند، لەو شەڕانەدا یەکەی نەوتهاوێژان هەبوە و موسڵمانان نەوت و ئاگریان وەکو چەکێک بەکارهێناوە، چەندین ڕوداوی لەو شێوەیە لەم سەرچاوە ڕەسەنانە باسکراوە (الطبري، ١٩٧٠، ٤٦٣/٧، ١٢٨/٨، ٤٢/٩، ١٩٢، ٢٦٢،٢٦٣، ٦٣٢؛ مسکویه، ٢٠٠١، ٣٧٢/٥؛ الكرديزي، ٢٠٠٦، ص٢٧٠-٢٧١؛ القلانسي، ١٩٨٣، ٤/١، ٦٨، ٢٨٥-٢٨٦؛ ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٧/ ٢٤، ٢١٥/١٨ ؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ١١٩/٨، ٢٣٢/٩ ؛ النويري، ٢٠٠٤، ١٠٨/٢٢؛ ابن كثير، ١٩٩٧، ٤٨٢/١٣، ٤٨٣؛ القلقشندي، ٢٠١٢، ٢/ ١٥٣).

ئەو ئامێرەی نەوت و سوتەمەنییەکەیان پێهاویشتوە پێیوتراوە (النفاطة یاخود الزراقة) دواتریش بە تیر و مەنجەنیق هاویشتویانە، چونکە بەو شێوەیە بۆ ئامانجی دورتر هاویشتویانە و وردتر پێکاویانە، نەوتهاوێژەکان جلوبەرگێکی تایبەتیان هەبوە و لەبەریان کردوە پێی وتراوە جلوبەرگی نەوتهاوێژان (زكي، د ت، ص٦٠؛ حسين،٢٠٠٣، ص١٨١)، شوشەی نەوت یەکێک بوە لەو چەکانەی لە گەنجینەی چەکی خەلیفەکانی عەباسی هەبوە، بۆنمونە لە ساڵی (٦٠١ک/١٢٠٤ز) لە شاری بەغداد ئاگرێکی گەورە لە کۆشکی خەلیفە و کۆگای چەکی خەلیفە (الناصر لدين لله )(٥٧٥-٦٢٢ک/١١٨٠-١٢٢٥ز) کەوتۆتەوە، ئاگرەکە زۆر گەورە و بڵێسەدار بوە و پێشتر وێنەی نەبوە ئاگری وا نەبینراوە، چەک و کەرەستە جەنگییەکان هەموی سوتاون، یەکێک لەو چەکانەی لەو کۆگایەدا سوتاوە بریتیبوە لە شوشە نەوتەکان، هەڵبەتە هەر ئەو شوشە نەوتانەش ئاگرەکەیان گەورە و بڵێسەدار کردوە و وایان لێکردوە بە ئاو نەکوژێتەوە و بۆماوەی دو ڕۆژ بەردەوام بێت (ابي شامة، ٢٠٠٢، ص ٧٦-٧٧؛ الغساني، ١٩٧٥، ٢٩٣/٢؛ الذهبي،١٩٩٣، ٤٣/٥).

بێجگە لەوەش نەوت وەکو چەکێکی سوتێنەر لە جەنگە دەریاییەکانیش بەکارهاتوە، هەر لە سەدەی دوەم و سێیەمی کۆچییەوە لە وڵاتی میسر کە لەسەر دەریابوە چەندین کەس هەبون بە نەوتهاوێژ ناسراون و لە دەریادا ئاگر هاوێژبون و لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی مردون لە شاری ئەسکەندەریەی میسر (ابن ماكولا، ١٩٩٠، ٤/ ٣٥٨-٣٥٩؛ السمعاني، ١٩٦٢، ١٥٦/١٣).

لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەیوبیەکان(٥٦٧- ٦٤٨ک/١١٧١-١٢٥٠ز) لە میسر و وڵاتی شام بەکارهێنانی نەوت لە بواری سەربازی زیاتر بوە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی (٥٦٧- ٥٨٩ک/١١٧١-١١٩٣ز) لە زۆربەی شەڕەکانی موسڵمانان لەگەڵ خاچییەکان شوشەی نەوت و چەکی لە نەوت دروستکراو بەکارهاتوە، چەندین کەسی شارەزا دەرکەوتون کە پێکهاتە و گیراوەی نوێیان لە نەوت ومادەدەی دیکە دروستکردوە و بۆ سوتاندنی کەرەستە و شکستپێهێنانی خاچییەکان بەکاریانهێناوە یەکێک لەو داهێنەرانەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

چەکی سوتێنەر لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی گەنجێکی خەڵکی شاری دیمەشق بو بەناوی (عەلی کوڕی عەریف)، موسڵمانان چەکی نەوتی و ئاگرداریان بەکارهێناوە بۆ سوتاندن و ئاگرتێبەردانی قەڵا و بورج و کەشتییە دەریاییەکانی خاچپییەکان، لەو بارەیەوە سەرچاوەکانی ئەو سەردەمە بەوردی باسی چەکی ئاگرینی لەنەوت دروستکراویان کردوە لە شەڕەکاندا (ابن منقذ، ١٩٣٠، ص ٧٣، ٧٥؛ ابن واصل، ١٩٥٧، ٢/ ٣١٥-٣١٦، ٣٣٧،٣٥٢ ؛ الاصفهاني، ٢٠٠٤، ص ٦٠، ١٩٩-٢٠٢، ٢٥٧؛ الدوادري، ١٩٩٤، ١٩٢/٧)، ئەم گرنگیەی نەوت لەبواری چەکی سەربازی وایکردوە سەلاحەدینی ئەیوبی داوای نەوت بکات لە ناوچەکانی دیکەی ژێردەسەڵاتی و لەلایەن موسڵمانانەوە نەوتی بۆ بێت، بۆنمونە فەرمانڕەوای شاری موسڵ (عزالدين مسعود کوڕی مودود) چەند بارە نەوتێکی سپی لەگەڵ چەندین کەرەستەی سەربازی بۆ سوڵتان سەلاحەدین ناردوە (الاصفهاني،٢٠٠٤،ص ١٨٨-١٨٩؛ ابن واصل، ٣٠٧/١٩٥٧،٢)، هەروەها لە ساڵی(٥٨٦ك/١١٩٠ز) لەلایەن خەلیفەی عەباسییەوە لە بەغداد چەند بارە نەوتێکی جۆری تەیار(النفط الطيار) و پێنج کەس لە نەوت هاوێژان و دروستکەرانی چەکی ئاگرینی نەوتی وەک هاوکاری و یارمەتی لەگەڵ چەندین شتی دیکەدا بۆ سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی نێردراوە (ابن شداد، ١٩٩٤، ص١٨٣؛ ابي شامة، ١٩٩٧، ٤/ ١٢٠).

(الطرسوسي) (مردوله ٥٨٩ك/ ١١٩٣ز) بۆخۆی لەسەردەمی ئەیوبیەکاندا ژیاوە لە پەرتوکەکەیدا باس لە جۆری چەکەکان و چۆنیەتی دروستکردنیان دەکات، لەو پەرتوکەدا بەوردی باس لە بەکارهێنانی نەوت دەکات لە دروستکردنی چەندین جۆر لە چەکی سوتێنەر و ئاگرین کە لە وشکانی بۆ هاویشتنی بۆ دوژمن و قەڵا و شورە و بورجەکان و لە دەریاشدا بۆ هاویشتن و سوتاندن و ئاگرتێبەردانی کەشتییەکانی دوژمن بەکاردێت، وەک (بەکارهێنانی نەوت لە دروستکردنی جۆرە تیرێکی شوشەی کە نەوتی تێدابوە و بەکەوان دەهاویشترێ و بەهەر شتێک بکەوێت تێکدەشکێ و دەیسوتێنێ، جۆرێک لە پێکهاتەی نەوتی هەبوە کە لە دەریادا بەکارهاتوە و لەسەر ئاو ڕۆشتوە و ئاگری تێبەردراوە بۆ ئەوەی کەشتی دوژمن بسوتێنێت، ئەم جۆرە ئاگری نەوتییە هەرگیز بەهیچ شتێک نەتوانراوە بکوژێنرێتەوە، نەوت لە شوشەدا بوە و بە مەنجەنیق و کەرەستەی دیکە هاویشتراوە بۆ شوێنێک و دواتر تیرێکی ئاگرین لەو شوێنە گیراوە گڕی گرتوە، و چەندین جۆر لە پێکهاتەی دیکی نەوتی باسکردوە) (الطرسوسي، ١٩٤٨، ص٩، ٢٠-٢٣).

هەروەها چەندین جۆری کەشتی هەبون کە کەشتی نەوتهاوێژبون یاخود نەوتهاوێژەکانیان لەسەر جێگیردەکرا و ئەوان نەوتیان دەهاویشت، یاخود لەسەر کەشتی یان لە وشکانی بە مەنجەنیقی تیرهاوێژی نەوتی و بۆمبی نەوتی و تیروکەوانی نەوتهاوێژ و کەوانی جروخ و ئامێری دیکەی وەک تەوابیت(التوابيت) و لیجام(اللجام) و تایبەتیان لەسەر جێگیردەکرا و نەوتیان پێدەهاویشت، یاخود ئەو ئامێرانەیان لە وشکانی بەکاردەهێنا دژی دوژمنەکانیان و بەنەوت ئاگربارانی دوژمنەکانیان دەکرد (ابن الاثير، ٢١٧/١٩٩٧،٦، ٦٥٩؛ حسين،٢٠٠٣، ص ١٧٦، ١٨٠، ٢١١،٢١٥، عثمان، ٢٠١٠، ص٢٧٠، ٢٧٥-٢٧٦). بەم شێوەیە بۆمان ڕوندەبێتەوە نەوت پێکهاتیەکی سەرەکی بوە لە دروستکردنی چەکی سەربازی سوتێنەر بەکارهاتوە و چەکێکی هەرە گرنگ و پێشکەوتو بوە لە سەردەمی عەباسیدا و موسڵمانان بەکاریانهێناوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## ٢- بەكارهێنانی نەوت بۆ ڕوناكردنەوە:

بەكارهێنانی نەوت لەبواری سوتەمەنی و ڕوناككردنەوە بوارێكی دیكەی بەكارهێنانی نەوت بوە لەسەردەمی عەباسیدا، لەو بارەیەوە سەرچاوەكان ئاماژەی ڕون دەدەن بەوەی كە نەوت لە چراكان كراوە و بۆ ڕوناككرنەوە لە شەودا بەكارهاتوە، چراكان نەوت و فتیلەیەكیان تێدابوە و ئاگردراون و بۆ ڕوناككردنەوە بەكارهاتون، ئەمەش بەڕونی لە چیرۆكی چۆنیەتی سوتانی پیرە پیاوێكی خەڵكی شاری كوفە لە عێراق دەردەكەوێت، كە بەهۆی دەستكاریكردنی چرایەكی نەوتی فتیلەدارەوە سوتاوە و گیانی لەدەستداوە، (ثعلب، ١٩٦٠، ٣٣٩/٨-٣٤٠؛ ابو سعيد الابی، ٢٠٠٤، ٢١٦/٧).

چراكان جۆراوجۆربون، جۆرێك لەو چرایەی نەوتی تێكراوە و بۆ ڕوناككردنەوە بەكارهاتوە پێیوتراوە نەفاتات (النفاطات)، جۆرە چرایەكی دیكە هەبوە پێی وتراوە سناتات (السناطات) (الفراهيدي، ٢٠٠٣، ٢٥١/٤؛ المرسي، ١٩٩٦،٣/١٧٢؛ ابن منظور، ١٩٩٣، ٤١٦/٧).

دیارە لە شاری مەككەش نەوت و زەیت بۆ ڕوناككردنەوە لە شەودا بەكارهێنراون، بەڵگەش بۆ ئەمە سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن خەلیفە متوكل(٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦١ز)ی عەبباسی لە ساڵی (٢٤٧ك/٨٦١ز) بڕیاریدا لەمەككە لە جێگای زەیت و نەوت مۆم بەكاربهێنن (الطبري، ١٩٧٠، ٢٣٤/٩؛ ابن الاثير، ١٩٩٧، ١٧٧/٦).

## ٣- بەكارهێنانی نەوت لە بۆنە و یادەكاندا:

نەوت یەكێك بوە لەو مادانەی لە هەندێ بۆنە و یادی تایبەت بەكارهاتوە لەناو گەلانی موسڵمانی ناعەرەبدا، لە سەرچاوەكاندا وەك دواتر دەیخەینەڕو چەند ئاماژە و دەقێك لەو بارەیەوە باسكراون.

لەسەرچاوەكاندا بۆنەی نەورۆز كە بە چەندین شێوە ناوی هاتوە وەك شەوی سوتەمەنی (ليلة الوقود) سزق(السذق) و (سدە، شذە)، ئەو وشەو ناوانەی بۆ ئەو بۆنەیە بەكارهێنراون فارسین و بەعەرەبی كراون، لەسەر سەرەتای ئەو بۆنەیە بیروڕای جیاواز هەیە هەندێك دەیگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر ئادەم و هەندێكی دیكە بۆ چیرۆكی فریدون و زوحاك كە عەجەمەكان واتە ناعەرەبەكان كردویانە بە چەژن و بۆنەی خۆیان و تێیدا ئاگردەكەنەوە (الفارابي، ١٩٨٧، ١٤٩٥/٤؛ الهروي، ٢٠٠١، ٣٠٥/٨؛ النقاش، دت، ص١١٥؛ الثعالبي، ١٩٨٣، ٣٠٤/٤؛ ڕاغب الاصفهاني، ١٩٩٩، ٥٩٤/٢).

سەبارەت بە بەكارهێنانی نەوت لەو بۆنانەی سەرەوە سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن لە ساڵی (٣٢٣ك/٩٣٤ز) مەرداویجی دەیلەمی(٣١٥-٣٢٣ك/٩٢٧-٩٣٤ز) خاوەنی وڵاتی چیا و دەوروبەری لە پێش شەوی سەری ساڵدا كە شەوی سوتەمەنیە، فەرمانی بەشوێنكەوتوانی كرد و هەڵسان بە كۆكردنەوەی نەوت و نەوتهاوێژان و ئەوانەی دروستكەری سوتەمەنین و یاری بە سوتەمەنی دەكەن لەگەڵ دار و مۆمێكی زۆر، هەروەها چەندین جۆری باڵندە بەتایبەت قەلەڕەشی ڕاوكرد، دار و مادە سوتەمەنیەكانی لەسەر چیا و گرد و شوێنە بەرزەكان كە دەڕوانن بەسەر شاری ئەسفەهاندا دانا، شوێنی دانیشتنی خۆی و میوانەكانی دور لە ئاگرەكە دیاری كرد بۆ ئەوەی لەكاتی ئاگر كردنەوەكەدا زیانیان پێنەگات، بۆ ئەوەی لە شەوی سوتەمەنیشدا


